هەسەد هاوخەمی دەربڕی لەبارەی گیان لەدەستدانی سێ ئەندامی دژەتیرۆر

هێزەکانی سوریای دیموکرات "هەسەد" هاوخەمی خۆی دەربڕی لەبارەی گیان لەدەستدانی سێ ئەندامی دژەتیرۆر لە فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت لە سلێمانی بەهۆی هێرشکی دڕندی تورکیا لە کاتی مەشقکردنیان.

ناوەندی ڕاگەیاندنی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "بە خەم و دڵتەنگییەوە هەواڵی شەهیدبوونی کەمێک لە پاڵەوانەکانی دژگای دژە تیرۆرمان پێگەیشت لە کاتی هێرشکی غەدرکاراندا کە فڕۆکەخانەی عەرباتیان کردە ئامانج لە شاری سلێمانی، ئێم پاڵەوانانە بە خوێنی پاکی خۆیان ڕووەکی شەرەفمەندانەیان لە خەبات و قوربانیدان بە گەل و نەتەوەکەیان هەڵکەشا".

هێزەکانی سوریای دیموکرات هاوخەمی خۆیان بە سەرکردایەتی و ئەندامانی دژگای دژە تیرۆر و یەکەتیی نیشتمانی کوردستان و بنەماڵەی قوربانییەکان دەربڕی و لە چوارچێوەی بەیاننامەکەدا ڕایانگەیاند، "گەلەکەمان هەمیشە شانازی بە پاڵەوانە ئازاکانیان و دامەزراوە سەربازی و ئەمنییە بەهێزەکانیانەوە دەکات کە توانای پاراستنیان هەیە و دوژمنەکانیش جگە لە شکست هیچ بەشکیان نابێت".

شایەنی باسە، هێزەکانی سوریای دیموکرات و دژگای دژە تیرۆر لە ماوەی ڕابردوودا ئۆپەراسیۆنی

هاوبەشیان لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا وەک بەشێک لە هەوڵەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی داعش.

سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بافڵ تاڵەبانی هەرشەکەی بۆ "پشێلکردنی ئاشکرای سنووری هەرێمی کوردستان و عێراق" ناوبرد و وەک بەشێک لە پیلانگێڕیەکان بۆ ئامانجی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان و سلێمانی بۆ تایبەتی دەت.

نێتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەورووپا، سەرکردە ئەمنییەکان و سەرکایەتی عێراق سەرکۆنەی هەرشە ئاسمانییەکانی فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عێربەتیان کرد و داوای ڕاوەستان لە سەروبڕی عێراقیان کرد.